# کتێبی لێو

# کتێبی لێو

عەبدوڕەحمان بێلاف بەرزنجی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەبدورەحمان بێلاف بەرزنجی
كتێبی لێو - شیعر
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٣٢
چاپی یەكەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٨٣٩ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەكرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: نساران بورهان
هەڵەبڕێری: بۆكان نووری

پێڕست


شەراب و ئاسمان ..................................... ٧
ڕەنجان ..................................... ٨
دووڕیان ..................................... ٩
ڕووناکی ..................................... ١٠
دیل ..................................... ١١
داگیرسان ..................................... ١٢
زەردەخەنەی ئازار ..................................... ١٣
هەنسکی نێرگز ..................................... ١٤
کلیل ..................................... ١٥
سەفەرنامە ..................................... ١٦
مەرگی ناسۆر ..................................... ١٧
دوا لووتکە ..................................... ١٨
یادەوەری ..................................... ١٩
ئاسمانی پڕ لە باران ..................................... ٢٠
تەلەسم ..................................... ٢١
هەتاو ..................................... ٢٢
ڕووباری شین ..................................... ٢٣
لەجوانیتا ..................................... ٢٤
بێدەنگی ..................................... ٢٥
ونبوون ..................................... ٢٦
کۆتایی ..................................... ٢٧
فاڵ ..................................... ٢٨
سێوی ژیان ..................................... ٢٩
جودایی ..................................... ٣٠
سفرەی ئەشق ..................................... ٣١
لە دووریتا ..................................... ٣٢
چراخان ..................................... ٣٣
دەرگای داخراو ..................................... ٣٤
درەختی ژیان ..................................... ٣٥
پایز و باران ..................................... ٣٦
ئاوازی خەم ..................................... ٣٧
ئاشکرا ..................................... ٣٨
پاوانی دڵان ..................................... ٣٩
دێوانە ..................................... ٤٠
ئەوپەڕی بێدەنگی ..................................... ٤١
ئاشنا ..................................... ٤٢
کتێبی لێو ..................................... ٤٣
داگیرسان ..................................... ٤٤
یادگارییەکان ..................................... ٤٥
کە دەتبینم ..................................... ٤٦
تەختی نووستن ..................................... ٤٧
خۆری تەمەن ..................................... ٤٨
ئەفسوون ..................................... ٤٩
ئەفسانەی تۆ ..................................... ٥٠
تاقگەی خۆر ..................................... ٥١
ئومێد ..................................... ٥٢
لە دوای تۆ ..................................... ٥٣
نیگات ..................................... ٥٤
پرسیار ..................................... ٥٥
وادەی ئەجەل ..................................... ٥٦
تا لێرە بووی ..................................... ٥٧
بێجگە لە تۆ ..................................... ٥٨

تەمەن ........ ٥٩
دێتە یادت ........ ٦٠
خوایا ........ ٦١
کەی دێیتەوە ........ ٦٢
پایز و گوڵ ........ ٦٣
دوای تۆ ........ ٦٤
درەختی بوونم ........ ٦٥
بەردی چیاکان ........ ٦٦
بوون ........ ٦٧
پەیڤی ئەسرین ........ ٦٨
فرمێسك و ئاهـ ........ ٦٩
خەیاڵ ........ ٧٠
سەفەری گوڵ ........ ٧١
بە بینینت ........ ٧٢
گومان ........ ٧٣
دوای دابڕان ........ ٧٤
لەگەڵ تۆدا ........ ٧٥
درەختی گریان ........ ٧٦
سەفەری خەو ........ ٧٧
خامۆشی ........ ٧٨
مێرگی خەیاڵ ........ ٧٩
پەیامی کۆچ ........ ٨٠
گرەو ........ ٨١
شاری دڵ ........ ٨٢
مەستی ئیشق ........ ٨٣
داخوورپان ........ ٨٤
ڕەنگی هەتاو ........ ٨٥
بەرەو مەستی ........ ٨٦
تەنیاییی تەمەن ........ ٨٧
وەرە ........ ٨٨
بارانی ئیشق ........ ٨٩
ئاو ........ ٩٠
نازانم چۆن ........ ٩١
کانیاوی ئومێد ........ ٩٢
درەختی شکاو ........ ٩٣
چەتر ........ ٩٤
کوژانەوە ........ ٩٥
کە تۆ نەبی ........ ٩٦
شەرم مەکە ........ ٩٧
ئافاتی دووری ........ ٩٨
لێ نەگەڕای ........ ٩٩
گوڵی ئاوات ........ ١٠٠
ئەندێشە و دڵ ........ ١٠١
شاری خامۆش ........ ١٠٢
پەیام ........ ١٠٣
ترسی شیرین ........ ١٠٤
وەرزی زیزبوون ........ ١٠٥
ستایش ........ ١٠٦
توانەوە ........ ١٠٧
بگەڕێوە ........ ١٠٨
دایك ........ ١٠٩
بدوێ ........ ١١٠
کە جێی هێشتم ........ ١١١
کلیلی ماچ ........ ١١٢

## شەراب و ئاسمان

کە (با) لە پەرچەمت دەدا
شکۆفەی ڕووت دەکرێتەوە
لێوت دەبێتە شەراب و
بە هەناسەم دەخورێتەوە

کە (با) لە پەرچەمت دەدا
ئاسمان دادەکاتە باران
چی لە ماچی تۆ خۆشترە
لە ژوانێکی لای ئێواران

ئاسمان نیگای چاوەکانت
دەخاتە نێو گوڵدانی خۆی
دەزانێ جوانترین گوڵی
سروشتی خوداوەند هەر تۆی

چۆن دەتوانم لە بیرت کەم
کە تۆ خۆت بیرکردنەوەم بی
کە تۆ هەم فرمێسکی گەرم و
هەم شەڕابی خواردنەوەم بی.

## ڕەنجان

ئەی بێدەنگی...
ئەوە منم
وەکو سێوێ
لەناو لەپی ساردی تۆدا
لە تەنیایی هەڵکوڕماوم؟
ئەی تاریکی
ئەوە منم
لە گۆشەیەکی سێبەرتا
بە خەمی خۆم داگیرساوم؟
ئەی ئارەزوو
ئەوە منم
بێ بوونی ئەو
هەمیشە لە تۆ ڕەنجاوم؟

## دووڕیان

هەموو شتێ
ڕۆی بەسەرچوو
شەو و تەمەن
هەمووی ڕۆین و تێ پەڕین
مۆمەکانیش
لە شەوی ئێمەدا مردن
میلی کاتژمێرەکانمان
چەندە خێرا سووڕانەوە
ئای کە ژیان
بۆ ئاوابوون
ڕەنگە باڵێك یا هەناسەیەکی مابێ.
ئێستا من بەچی ڕادەگەم
بەتۆ یا بیرکردنەوەیەك لە دوێنێ.
ئای خوایە
لەم دووڕیانە سەر دەرناکەم؟

## ڕووناکی

من لە بیابانی مردن بێدەنگترم
هاتومەتە بەر سێبەری ئاوێنەیەك
لە ڕەنگی ئێوارەکانی پایز ورد ببمەوە و
دەرگا کڵۆم دراوەکانی زمانم بشکێنم
جگەرەیەك لە چاوەڕوانی
بەیانیدا داگیرسێنم.
تەنیا فرمێسکێکی گەرم و
قردێلەیەکی سوور
کە یادگارییەکانی تۆ بوون لەمانگم وەرگرت
لە نێو ترپەکانی دڵمەوە
بە ئاوێنەی گیانمەوەی هەڵبواسم
دەزانم ناوی تۆ
لەسەر پانتاییەکانی ئاو
تینویەتی من دەشکێنێ
چرایەك کە بە پەنجەکانتەوە
هەڵواسراوە
ڕووناکیم بۆ دەهێنێ.

## دیل

تۆ تێ ناگەی
چەندەی باسی
ماچ و شەرابت بۆ دەکەم
چەندەی پەنجەم
لە تاڵی پەرچەمت دەدەم
تۆ تێ ناگەی
تاو نا تاوێ
چاوی خۆمت لێ دادەگرم
پەنجەت بنێ بەدڵمەوە
هێندەی نەماوە بۆت بمرم
تێ دەگەیت و
بەڵام خۆت لە گێلی داوە
دەزانی
لەو ماسییە دەچم
کە پەل دەکوتێ و
ڕاوچی قولابی لێ داوە.

## داگیرسان

پێ مەکەنە
با مرواری ددانەکان
دەرنەکەوێ
پێ مەکەنە
با چاوەزاری ئەم خەڵکەت
پێ نەکەوێ.
ڕووی تۆ تەلەسمی هەتاوە
یا ڕەنگی ئاوی شکاوە
بە هەر ڕێگایەك دادەڕۆی
ئاسمان گڕی تێ بەر ئەبێ
لە ناو شنەی عەتری تۆدا
گەڕەك و شار
هەر هەمووی دەستبەسەر ئەبێ.

## زەردەخەنەی ئازار

دە لێ گەڕێ
هەتا مردن
هاواری من با خنکاو بێ
دە لێ گەڕێ
با فرمێسك و زەردەخەنەم
تێکەڵاو بێ.
لەوەتەی هەم
ڕەنگی هیوا و خۆزگەکانم
شەو بۆتە مەکۆی سووتانیان
تەمی ڕووی فرمێسکەکانم
بۆتە ئاوێنەی گریانیان
دابڕان
لە تۆ.. لە ژیانە..
بێ ئومێدبوونی ئومێدە
ئازار زاتی ئەوە ناکا
بڵێ ئەو خەمە فڕێدە.

## هەنسکی نێرگز

من شەرابی ئێوە نیم
لێوەکانتان لە گەرمی بخنکێنم و
نیگاکانتان پڕ بکەم لە مەستی
ئاوێنەی بەر هەتاوی ئاسمان نیم
ماڵەکانتان بدرەوشێنمەوە بە شەوقی خۆشەویستی
من دڵۆپێکم
لە فرمێسکی نیوەشەو
هەناسەیەکم
لە هەنیسکی نێرگزەکانی خەو.

## کلیل

لەو ڕۆژەوەی
خاکی هەستم
داوەتە نێرگزی چاوت
ڕۆحم پەنجەرەی هەتاوە و
دڵیشم گوڵدانی ناوت.
پێدەشتێکم
نیگام بۆ بەرپێی هاتنت
ڕاخستووە
لە قسەی خەڵکی مەترسە
بەکلیلی نهێنییەکان
دەرگای دونیام داخستووە.

### سەفەرنامە

سەفەری تۆ
تیشکدانەوەی هەتاوە
تەمی سەر کێوی بێستوون و
تریفەی گەڵای ڕژاوە.
سەفەری تۆ
هەناسەی ساردی پایزە
مەرگی خۆم دێنێتە بەرچاو
بەهار لە تەمەنم زیزە.
لەسەر ڕێگای
سەفەری تۆ
من درەختێکی شکاوم
چۆڵگەڕێکی خوا نەدیدە و
عارفێکی دڵ سووتاوم.

## مەرگی ناسۆر

کە (با) دەنوێ
وەك درەختەکان بێدەنگم
کە پایزیش توورە دەبێ
وەکو گەڵاکان دڵتەنگم
کە دەتبینم
عەتری ئومێد
دەستم دەگرێ
خەم و ناسۆر
لەگەڵ هاتنی تۆ دەمرێ.
کە دەتبینم
هەتاوی ئاسمانی منی
دەبم بە هارژنی باران
دەبمە تاڤگەی هەڵخراوی
سروشتی جوانی کۆساران

## دوا لووتکە

ئەشق...
کلیلی دڵانە
تەمەنمان نوێ دەکاتەوە
ئەشق...
ئاوێنەی ژیانە
ژەنگی دڵان دەشواتەوە
ئەشق...
هەناسەی ئاسمان و
شیلەی ماچی لێوەکانە
ئەشقە... ئەشق...
ماڵی پاکی فریشتانە.
ئەشق ئاوی زیندەگییە
ئەشق یەکەم ماڵ و دوا ماڵی ئینسانە

## یادەوەری

لەو ڕۆژەوەی مۆمی ڕووت
بەڕووی مندا کوژاوە
سەدان فرمێسکی حەسرەت
لە گیانم بەجێ ماوە
کوا یادەوەری خۆشیم
کە دڵم پڕ گریان بێ
ئاوێنە کوا ڕاستگۆیە
سیمای ماڵی هەمووان بێ.

## ئاسمانی پڕ لە باران

بەختەوەرم
کە (با) ئەمکاتە گۆرانی درەختەکان
ژنێك لەناو چاوی مندا
پیانۆی گریانێك دەژەنێ
وەکو برووسکەی پایزان
بەڵێ گیانە بەختەوەرم
بۆ ئەشقی تۆ ئاسمانێك بم
پڕ لە باران.

## تەلەسم

لە تاریکی دەستی گرتم
تێ نەگەییم
نە باڵی فڕین لێك دەدەم
نە مەستم... نە دێوانەمە...
بورامەوە...
کاتێ سەری خۆم هەڵبڕی
تێ گەیشتم لە ژێر حوکمی
تەلەسمی پڕ لە ئەفسوونی
نێرگزی ئەو چاوانەمە.
کە خۆی بە باوەشدا کردم
وام زانی برووسکە لێی دام
لە خۆشیانا بورامەوە
لەگەڵ یەکەم
تەزووی لێی دام.

**هەتاو**

لە هەر کوێیەکدا دەرکەوی
لەوێوە ڕۆژم لێ هەڵدێ و
باڵ دەگرم لە کامەرانی.
لەو چرکەیە
دڵم دەبێتە بەهەشت و
نیگام پڕ دەبێ لە ئەشق و
گیانم پڕ دەبێ لە ڕاز و
زمانیشم لە گۆرانی.

## ڕووباری شین

فرمێسکەکانم
ماڵێکن لە سەبووری
ئاوازێکن لە هەناسە و
بارانێکن
لە ئەندێشە و خەمی دووری
بەڵام کاتێ
ڕووباری شین
کە ڕۆحی خۆی ئەهاژێنێ
نێرگسی مەست
چاوەکانی ئەترووکێنێ.

**لەجوانیتا**

نەخۆر تینی
وەك خوێنی تۆ گەرم دەبێ
نە شنەی (با)
وەکو پرچت نەرم دەبێ
داخورپاوم لەم دووڕیانە
درۆ دەکا ئەوەی بڵێ
ئەشق خەمە ئەشق ژانە.
لە بەژن و باڵای ناسك و
شۆخ و شەنگی ئێرە و ئەوێ
چەندەی سەرنجم لێ داوە
خواوەند تەواوی بەهرەی
جوانی دونیای بە تۆ داوە.

## بێدەنگی

بێدەنگ بووم و
لە نهێنی سەفەری تۆ نەگەیشتم
جاران بزەیەکم هەبوو
بۆ لێوی ژیان
لە حەسرەتی بێ تۆییدا
لەنێو بێدەنگیدا کوشتم.
سەفەر دەکەی
بێ باك لەوەی لە دوای تۆدا
لە تەنیایی خۆیدا دەمگرێ
بێ باك لە شاری زێدی خۆت
باخەکانی لە دوای تۆدا
هەمووی هەر گوڵی خەم دەگرێ.

## ونبوون

بە بیرت دێ

لە هەر کوێیەك دەردەکەوتی

نیگاکانی خۆت لێك دەنا

پێم دەگوتی

گوڵەباخێکی شەرمنی

کەچی ئێستا

ئەی گوڵەباخی دڵی من

عەیامێکە دەرناکەوی و

تێ ناگەم بۆچی لێم ونی؟

## کۆتایی

فرمێسکە گەرمەکانم بوون
پڕیان کرد دەفری هەناسەم
نیگا سەوزەکانی تۆنە
بوونەتە خولیا و پێناسەم

چاوەڕوانیت ئازارێکە
لە ڕۆحمدا دەشنێتەوە
مەگەر ئەم ژانە بەسوێیە
لەگەڵ مردن ببڕێتەوە.

## فاڵ

لە ڕێی سەرنجی نیگاوە
دڵم ئاشنای ئەشق دەکەی
ڕۆحم دەلاوێنیتەوە.
دەزانی کە من زۆر سادەم
دەستی ڕاستەم وەردەگێڕی و
ناو لەپم دەخوێنیتەوە.
ئەی جادووگەر
فریوت دام
لە ڕێی بزە و پێکەنینت
لە دوای ئەوەی
نوقمت کردم لە خەونی
قووڵی ئەوینت.

## سێوی ژیان

لەناو سەبەتەی ژیاندا
بەدوای سێوێکدا دەگەڕێم
چاوەڕوانیم پڕ کاتەوە
لە عەتری خۆی مەستم بکا و
تەمەنم نوێ بکاتەوە.
لەناو سەبەتەی ژیاندا
دڵی وێرانبووم
بە سێوێك سپاردووە
ئەو سێوەی
کە وەك لافاوێکی وێرانکەر
ئاسوودەیییەکانی منی بردووە.

## جودایی

لە پەنجەرەی بێدەنگیدا
مۆمی شەوی تەنیایی بووی
لە ئاسۆی ڕوونی تەمەنما
هەتاوی بێ کۆتایی بووی
نە من بێ تۆ
نە تۆ بێ منت هەڵدەکرد
دەپێم بڵێ لە کێ فێری جودایی بووی؟
کێ لە پشت خەونەکانەوە
هەناسەی ئاواتی بڕین؟
کێ بوو بە پەنجەی ڕقەوە
فرمێسکی ئارامی سڕین؟

## سفرەی ئەشق

بەر لە مێژووی ئاوێنەکان
کتێبێك بووین لە ماچی گوڵ
لە ماچی ژوان
بەفرمێسك
ئاسمانمان پڕ کرد لە باران
ئەستێرەی ڕۆحی هەردووکمان
بوون بەشکۆفەی ئێواران
بەر لە مێژووی ئاوێنەکان
کتێبێك بووین پڕ لە حەرفی
بادە و مەستی.
بەبیرت دێ
هەر لەسەر سفرەی ئەشق بوو
هەزاران جار لێوم گەستی؟

## له دووریتا

باران و با
من و بێدەنگی و تەنیایی
لەنێو دووکەڵی دووریتا
ئەمشەو
ئاوێنەش ڕوخساری من نابینێ
لێویش لە خۆی بەدی ناکا
پەپوولەی هیچ پێکەنینێ.
ئێستا
تۆ لە شیرین خەودای
من لەسەر سەرتا وەستاوم
هەستە گوڵی لێوەکانت
ببەخشە پەپوولەی لێوم
تا نێرگزی چاوەکانت نەکەیتەوە
مەحاڵە خۆم
پەنجە لە شوێنێ ببزوێنم.

## چراخان

که تۆ هاتووی
گوڵەکانیش بە چرپەوە
گۆرانی بۆ یەکتر دەڵێن
عەتر و (با) شانەی پرچی تۆن
لێوت بنێ بە لێومەوە
هەر ماچە ناسنامەی بەڵێن.
که تۆ هاتووی
هەموو شتێ
بۆتە شەپۆلی ڕووناکی
بۆتە جریوەی ئەستێرە
کەسێ نییە پێ نەزانێ
لەگەڵ پێ و قەدەمی تۆدا
ئێستا چراخانە ئێرە.

## دەرگای داخراو

کوانێ مۆمێ
لە مۆمی ئەشق گەرمتر
کوا شەماڵێ
لە شنەی پرچت نەرمتر
کێ دەتوانێ دەرم بێنێ
لە بازنەی ئەفسوونی چاوت
کێ دەتوانێ کلیلم بێ
بۆ دەرگای دڵی داخراوت.

## درەختی ژیان

با بۆ ژیان
درەختێ بین
پڕ لە سەوزی و سەماکردن
وا نەزانی هەر دەمێنین
لوولمان نادا دەستی مردن.
کە لەنێو پاپۆڕی شەڕدا
بەرەو سینگی شاخێ بچین
لە نێوان بارووت و گولله
دەبێ بە گژ مەرگا بچین.
هەر ژەنینە
دەنگی شمشاڵ دەپارێزێ و
زایەڵەی گەرمی دەداتێ
تاریکایی چۆن خۆی دەگرێ
دەستی ڕووناکی بگاتێ؟

## پایز و باران

من درەختێکی پایزیم
کە هەڵدەکشێم بەرەو ئاسمان
گەڵاکانم پێ دەکەنن
کە بارانیش خۆی بە باوەشما دادەکا
لە خۆشیانا
لقەکانم ڕادەچەنن.
من خەمی تاریکی خەزان
بەکازیوە وەلا دەنێم
لە هەر کوێ بی لەناو دڵمای
گیانم لەبەر پێت دادەنێم.

## ئاوازی خەم

چەندە لە بێدەنگی ئاودا
خۆت ون بکەی
زیاتر تینویەتی دەمگرێ
ئاوازی خەم دێتە بەرگوێم
بە بینینت نەمامێکم
لەسەر (بەرد)یشا بێ دەڕوێم
شەپۆلەکانی جوانیت
وەك مرواری بریسکەیان دێ
ئارامییەك دەبەخشنە هەناسەم
مەگەر ئاو بە ماسی دابێ.

## ئاشکرا

ساتە تاڵ و شیرینەکانمان
ڕێگایەکن
لە زەمەندا پێیان دەگەین
زۆر نهێنی ژیانمان هەن
لە مردندا تێیان دەگەین
چونکە ژیان
لەناو لەپی هەڵکشاندا
هەمیشە نوێ دەبێتە
وەك چۆن شکۆفە
بەیانیان
لەگەڵ (با)دا دەکرێتەوە.

## پاوانی دڵان

ماچ بێدەنگیمان دەشکێنێ
کە چۆن هاژە
بێدەنگی ڕووباری شکاند
باران گۆرانی ئاسمانە
کە چۆن ئەشق
پاوانی دڵانی سووتاند
بەڵام چی لە پایز بکەم
گوڵی تەمەنمی
بۆ خۆی برد
هەزاران خۆزگە و ئاواتم
بە ناکامی لە سینە مرد.

## دێوانە

لە خاکدا
بۆنی باران و
لە ئاسمانەوە هەناسە
ئەوەتانێ
لە مەستیما
بریسکەی فرمێسکەکانم
نەشئەیان داوەتە کاسە.
چۆن دەست و پێکم شەڕ نەبێ
کە من مەستی ئەو جوانە بم
بەڵێنم بە ماچی داوە
هەتا ماوم دێوانە بم.

## ئەوپەڕی بێدەنگی

لە سەرنجی ماڵەکەتان
نیگاکانم مۆڵەق ماوە
نەک تەنیا
هەست و خوست نییە
پەردە و پەنجەرەکانیشتان داخراوە.
لە ماڵەوەی
یا لە ژوانێکی گەرمدا
وەك شاخە گوڵ
بە ڕووی دونیا پێ دەکەنی؟.
بۆ جارێکیش لێم ناپرسی
دیارێکی نادیار و ونی؟!

## ئاشنا

لە ڕێی
پەیڤی نیگاتەوە
ئاشنا بووم بە ئەشق و جوانی
ئاشنا بووم بە ژوانی گەرم و
بە ماچ و خەونی ئاسمانی
چ سۆزێکی گەرموگوڕە
تریقەی پێکەنینی تۆ
نهێنی چ تەلەسمێکە
دونیای پڕ لە ئەوینی تۆ؟

## کتێبی لێو

لە ڕێگەی لێوانی تۆیە
هەناسەم دەبێتە باران
بە ئاسماندا هەڵدەگەڕێم
دەبم بە شکۆفەی شاران

هەر لە ڕێگەی لێوانی تۆ
دەبم بە برووسکەی ژیان
دەبم بە ملووانکەی خەمی
ئازارێکی نەرم و نیان.

## داگیرسان

من چرایەکم لە برین
لە شەوانی تەنیاییدا
بەیادی تۆ دادەگیرسێم
کە دەزانم تۆ لە گیانمای
وردە وردە
دێمەوە ناو جەستەی خۆم و
بە گیانی خۆم وەدەنوسێم.

## یادگارییەکان

ئێستا لەگەڵ یادگارییەکان
ڕۆژگاری خۆم بەسەر دەبەم
وەك مەلێکی لانە شێواو
باڵ لێك دەدەم
پەنا بۆ دوورترین
ماڵی سووتان دەبەم.

## که دەتبینم

که دەتبینم
شاری دڵم چراخانه
وەرزی ژوانم له گوڵ دەچیٚ و
ئاسمانم پڕ له بارانه
ئای که دەتبینم
هەموو شت
سەوزی دەنوێنیٚ
گیانم دەبێته کەناری و
له پێشوازی تۆ دەخوێنیٚ.
که دەتبینم
باڵ لێك دەدەم، گڕ دەمگریٚ
دڵم دەکەوێته خورپه و
چی نائومێدی من هەمه
به بینینت هەمووی دەمریٚ.

## تەختی نووستن

وەرە تاویَ
لە بێدەنگیم هەواری تەنیاییت ڕاخە
من لە خەمی تۆ نارەخسێم
هانیَ ئەوە باوەشی من
بۆ خەوتنی خۆتی ڕاخە.

بە سادەیی خۆشم ویستی
بە سادەیی هۆگرت بووم
نە شارەزابووم لە ئەشق
بۆیە لە دونیای تۆ ون بووم.

**خۆری تەمەن**

دە لێم گەڕێ
با خۆری تەمەن ئاوا بێ
کە تۆ بڕۆی
با خەم بە دڵم ئاشنا بێ
ئێستا
لەنێو بازنەیەکدا
بەبێدەنگی هەڵکوڕماوم
دەڵێی پووشی هاوینانەم
بە گەرمای هەتاو سووتاوم.

## ئەفسوون

دێوانەیەکی چۆڵگەڕم
ئەفسوونی چاوت لێی داوم
هاژەی شەپۆلێکی ماندووم
دەستی دەریا فڕێی داوم
ناتوانم هەنگاو هەڵێنم
خواحافیزی لە تۆ بکەم
ئەشقێکی شێت
نەك هەر ئەژنۆ
زمانیشی گرێ داوم.

**ئەفسانەی تۆ**

تەنیا تریفەی تۆم هەیە
ماڵی دڵم ڕوون کاتەوە
بۆ هەواری خۆشەویستی
پڕ نووری تۆم بباتەوە
لەوەتەی هەم
برینێك لە گیانم دەڕوێت
هەرگیز ناتوانێ بمکوژێ
چونکە گیانم
هەمیشە لەگەڵ تۆ دەدوێت.

## تاڤگەی خۆر

ئەو ئێوارەی
لە نێو ڕوانینەکانمدا
بووی بە باخێکی پڕ لە ئاو
ئای ئەو شەوەی
لە ژوورەکەم
ببووی بە مۆمی داگیرساو
بە دیواری ئومێدمەوە
بووی بە تاڤگەیەك خۆرەتاو.

### ئومێد

تەنیا خۆمم
شەویش لە من ماندووترە
نە چرپەیەکت دەبیستم
نە بۆنی عەترت پێم دەگات
بۆیە منیش لەم دوورییەوە
مەگەر تیشکی ئومێدی تۆ
تاریکاییی ژینم لابات.
گیانە دەبێ جارێکی تر
لە باوەشما بتبینمەوە
پێکی مەستیت بۆ پڕ بکەم
لە ماچ و پێکەنینمەوە؟

## له دوای تۆ

ترووسکەیەك بووی بۆ هیوام
بۆ خەونی سەوزی تەمەنم
کەچی ڕۆیشتی و جێت هێشتم
زریان دای پۆشی مەفتەنم
هەرچی دەیبینم دەپرسم
بەس هەواڵێکت بزانم
حەز دەکەم بەرلەوەی بمرم
بزانی چەند پەرێشانم
نەك تەنیا من
کەسێ هەواڵت نازانێ
خوایە دوعای من چی بێ
بۆ گوڵێ مەیلی من دانێ؟

## نیگات

هێندە گریاوم
فرمێسکێکم لە چاو نەما
غوربەتی دڵم بشکێنێ
هێند پاڕامەوە لە چاوت
نیگات نەهات
لە تەنیایی دەرم بێنێ.
بۆ هێندە نامیهرەبانی
دڵی ڕەقت لە بەرد دەچێ
بۆ نازانی تەمەن دەڕوا و
شنەی جوانی بەسەر دەچێ؟

**پرسیار**

که تۆ هاتی
شکۆفه چاوی هه‌ڵێنا
عه‌تر دڵی داگیر کردم
که ڕۆیشتی
هه‌ر به‌ئاسته‌م هه‌ناسه‌م هات
تێ نه‌گه‌ییم بۆ نه‌مردم.
من چۆن
له ئه‌فسوونێ ده‌گه‌م
که نیگای تۆ دای هێنا بێ
سه‌ری من ئاڵۆزتر بووه
چه‌نده‌ی سه‌رنجم لێ دابێ.

## وادەی ئەجەل

ئەی خەمە پڕ فرمێسکەکەم
تاکەی ئەم ژانە بەسوێیە
هەر لە خوێنما
بەبێدەنگی دابگیرسێ
گەر ئەمە وادەی ئەجەلە
گیانم لە مردن ناترسێ.
من هەمیشە
بەژانی ئەشق ئاسوودەم
ئەشق خوێنم دەجۆشێنێ
بەڵام لەبێ بەڵێنی ئەو
مەرگ گیانم لێ دەستێنێ

## تا لێرە بووی

دڵم نیگای برینێکە
قووڵاییی خۆی لێ نادیارە
لە سینەمدا
ئەشقێك هەیە
زایەڵەی گەرمی ڕووبارە
تا لێرە بووی
وشەکانم
ملوانکەی ملی جوانان بوو
عەتری هاڵاوی هەناسە و
تریفەی ماچی ژوانان بوو.

## بێجگە لە تۆ

بە فرمێسکی خۆم سوێندم دای
هیواکانم مەخنکێنە
تکەی ئاونگی سەر پەڕەی
گوڵی عومرم مەژاکێنە

هەموو ژیانی تەنیاییم
بەندینخانەیەکە لە خەم
ئاخر من لەو دونیایەدا
بێجگە لە تۆ کێ شك دەبەم.

**تەمەن**

تەمەن برووسکەی پایزانە
دەستیێ نییە بیوەستێنیێ
وەکو شووشەی شەراب وایە
خەمی ڕۆژگار جوانی دەکا و
زەردەخەنە دەیشکێنیێ
ئاشق بێنی پێوە دەنیێ و
منداڵێکیش دەیڕژێنیێ
بەڵام ئێمە
لە منداڵێك منداڵترین
لە بەردێکیش بیێ باڵ ترین.

## دێتە یادت

لە هەر کوێ بی
کڵپەی جوانیت دەمسوتێنێ
زەردەی خۆرەتاوی عومرم
ئاوا دەکا و
وەرزی بەهاری لاویەتیم
دەڕاکێنێ.
دێتە یادت
ئەو شەوانەی
لەبەر تریفەی مانگەشەو
کەزیەکانتم دەهۆنییەوە
لە ئامێزی یەکتریدا
لێوەکانمان دەگۆڕییەوە؟

## خوایا

لەوەتەی هەم
من هەر پەنا بەتۆ دەگرم
تۆ دیارێکی نادیاری
من لەم دووڕیانە خنکاوم
کە تۆ لەناو گیانما بژی
چۆن هەستت پێ دەکا چاوم.
بێگومانم کە تۆم هەبێ
هەموو شتێکت پێ داوم.

## کەی دێیتەوە

چاوەکانم
وەك پەنجەرە لەسەر پشتن
گوێیەکانم
وەکو تاقگە هەڵخستووە و
بۆ هەواڵێ چاوەڕوانم.
دەزانی من زۆر لە مێژە
بەدوای تۆدا
ڕووبارێکی پڕ لە هاژە و
پایزێکی بێ ئامانم
باخێکی زەرد هەڵگەڕاو و
چاوێکی پڕ لە گریانم.

## پایز و گوڵ

کە پایز گوڵ دەوەرێنێ
هەزاران دڵ
دەکەونە پرسەی خەمناکی
مۆمی ئەشق خامۆش دەبێ
لە شەوانی پڕ سامناکی
کە پایز گوڵ دەوەرێنێ
قومری فرمێسک دەڕێژێ
بولبول هەناسە دەنێژێ.
کە پایز گوڵ دەوەرێنێ
دڵی ئەشق دەڕەنجێنێ.
ڕەنگی جوانی
ئازیزانمان دەژاکێنێ.

## دوای تۆ

نازانم نە من دڵتەنگم
نە دونیا لە نێو ڕوانینم
تەنگ بۆتەوە
دەزانی لە دوای کۆچی تۆ
هەرچی خۆشی ژیان هەبوو
لە  دڵمدا ڕەشبۆتەوە؟
من ناهەق نیم
چونکە تۆ هەم زەمینم بووی
هەم ئاسمانم
هەم مەرگم بووی
هەم ژیانم.

## درەختی بوونم

ئەمشەو
لە تەنیایی مندا
مۆم فرمێسکان هەڵدەڕێژێ
شنەی پێکەنین ڕادەبورێ
ئازیز کە تۆ لێرە نەبی
درەختی جوانی تەمەنم
لق و گەڵای مەرگ دەگرێ.
مەرگێك
کە پڕ لە سەوزایی و
سێبەری جوانی ئەوین بێ
ئاخر دەبێ
کوا چی هەبێ
وەکو ئەو مەرگە شیرین بێ؟

## بەردی چیاکان

مەلی ئەندێشەم
شەپۆلان دەدا
بەدوای پرسیاری نیگا گەرمەکان
لە کوێی بەخەیاڵ
دەستم بنێرم
بەس بۆ گوشینی پەنجە نەرمەکان.
دڵت لە بەردی چیاکان دەچێ
بە پاڕانەوەم ناجووڵێتەوە
بڕوام نەدەکرد
وا بەئاسانی
چرای ژوورەکەم زوو بکوژێتەوە.

## بوون

لە کوێ هاتووین
بۆچی هاتووین
بۆ کوێ دەڕۆین
لەو ڕۆژەوەی
پێمان نایە
سەر هەسارەی ئەم دونیایە
مەرگ تاڵە و
ژیانیش خەون و هیوایە.

**پەیڤی ئەسرین**

کە تۆ ئازاری ڕۆحم نەناسی
چۆن بەتۆ بڵێم ئاشنای هەناسەم
کە تۆ لە خەمی دڵی من نەگەی
چۆن خۆت دەکەیتە
پەنجەرەی تاسەم
من شەماڵێکم
هاوڕێی ئاسمانم
تەنیاییم لە شەو دەبێ بە برین
لەگەڵ چەخماخە و
برووسکەی غوربەت
ئاهم پڕ دەبێ لە پەیڤی ئەسرین.

## فرمێسك و ئاه

کە گوڵدانی
فرمێسکی من
پڕ بێ لە ئاهی شەوانە
چۆن تەنیایی هەڵناپڕووکێ
لەگەڵ خەمی ئەم ژیانە

هەورێ وا لە ئاسمانەوە
بە ئاهی من بۆتە باران
نم نم دەڕژێتە نێو پێکی
پڕ شەرابی دەستی یاران.

## خەیاڵ

هەمیشە
لە بیری تۆدام
دارستانێکم
لە بوونی ئەم خەیاڵە
وەك فرمێسكێك ڕەنگی نەبێ
لەسەر ئاوێنەی ئەو ماڵە.
چەندە خۆشە
چرۆیەك بی و ببی بە گوڵ
لە دوای ئەوە
خەزانێ دێ و دەتژاكێنێ و
دەتباتەوە
بەڵام چی بکەم
من لە چرۆ ترازاوم
زەمەنێکیشە ژاکاوم
نە پایز دێ دەموەرێنێ
نە ئەویش دێ
دەمباتەوە.

## سەفەری گوڵ

ئای سەفەری
ڕێی نێرگزان
بۆ فرمێسكی منت دایە
بێدەنگی شەو
كەوات دەكرد
بۆ ئاوریشمی پرچی مانگت
نەكردە ڕێی سەفەری ئەو.
كە خەونی من ئاواتی من
چركەیەك
بینینی ئەو بێ
با هەموو عومرم
مۆمێك بێ و
ڕووناكایی بۆ یەك شەو بێ.

**بە بینینت**

لە هەر کوێیەك
تۆ دەبینم
دونیا دەبێ بە کتێبی
پەیڤی جوانی
ئاسمانیش دەبێ بە چەپکێ لە ڕووناکی
بە ئەلبۆمێك لە گۆرانی.
تۆ لە هەتاوی ئەندێشەی
ڕەنگی شکاوی من دەچی
لە فرمێسکی ڕوون و گەشی
بیلبیلەی چاوی من دەچی.

## گومان

ئێستا
لە دەروونی خۆمدا
نهێنییەکی داخراوم
کەچی لە بێدەنگیی تۆدا
وەك شوشەیەکی بەتاڵ و
وەکو بەردێکی شکاوم
دەستم بگرە
لە بێدەنگی مەمسووتێنە
لە مەرگیشا
بۆ نیگای تۆ
گیانم کردۆتە ئاوێنە.

## دوای دابڕان

لێم مەپرسە
بۆ لە بێدەنگی خنکاوم
ماندووی وەرزێکی ژاکاوم
بەڵێ گیانە لەو ڕۆژەوەی
دابڕاوم لەو هەوارەی
کە جێ ژوانی نووستنم بوو
شەوی ماچە گەرمەکان و
هەناسە ڕاخستنم بوو
پایزێکی کشوماتم
دیلێکی بێ دەسەڵاتم.

## لەگەڵ تۆدا

کە بەم شەقامانەدا دێی
دونیا دەبێتە شووشەیەك
لە عەتری تۆ
سروشت پڕ دەبێ لە جوانی
هەرچی کوڕی گەڕەك هەیە
دەکەوێتە سەمای مەستی و
شنەی ئاواز و گۆرانی.
من شەپۆلی
تێکشکاوی کەناری تۆم
لەو ڕۆژەوەی
کە پێت گوتم
لاوانەوەی ڕەنگی وەرزی
بەهاری تۆم.

## درەختی گریان

کە تەنیایی
دەمکاتە کوورەی هەڵقرچان
ئازار دەکا بەرێگام و
بۆ سەفەری خەمی ژیان
تۆ لەلام نیت
تا پێت بڵێم
درەختێکم
لە نسێی هەنسک و گریان.
هاوارێکم
بۆ بێدەنگی خەمی ئینسان.
چەندەی دەکەم
باڵی سەرنجم لێك دەدەم
تا بتوانم لەگەڵ تۆدا
پشوێ بدەم
لەناو لەپی سەفەری ڕێی
دووریی باران.

## سەفەری خەو

لە ئاسمانی خەمەکانما
جووتێ باڵم لێ ڕواوە
چونکە نێرگزی تەمەنم
لە غوربەتی بەجێ ماوە
چرکەیەکم لا ساڵێکە
تا دەگەڕێمەوە لای ئەو
تا دەبینم نیگاکانی
مەست بووە
لە سەفەری خەو.
ئێستا
من وەك درەختێکم
لە بیابانی تەنیایی بەجێ مابێ
کەسێ هەواڵی نەزانێ و
تینویەتی سەری تێ نابێ.

## خامۆشی

شەوەكانمان
چەند شیرین بوون
هەنگاوەكان چەندە جوان بوون
شەقامیان چراخان دەكرد
پیاسەی ئێمە گزنگێك بوو
تاریكی لەناویا دەمرد.
لەو ساتەوەی
دابڕانیان
بە باڵای ئێمەدا بڕی
چرای شارمان خامۆش بووە و
مەلی خۆشی
لە دڵی هەموومان فڕی.

## مێرگی خەیاڵ

ئاو لە ماچێکدا
ملوانکەی
تینویەتی شکاندنمانە
وەك سروودێکی پایزی
لەناو بادا دەخولێتەوە
لە جوانترین مێرگی خەیاڵ
دەردەکەوێ و
لە گوڵدانی یادەکانمان
دەشنێتەوە.

## پەیامی کۆچ

کۆچت بۆ من
پەیامێکی نەبڕاوەی
نێو دەستی خەمە
کۆچت بۆ من
ڕاچەنینی خوورپەی دڵ و
کووژانەوەی هەناسەمە.
کۆچت بۆ من
ئازارێکی چەند ماتەمە
بەڵێ گیانە
کۆچت بۆ من
ڕژانی دوو گلێنەمە.

## گرەو

بۆنی باران
لە شکۆفەی بەیانی دێ
بێدەنگ دەبم
وا دەزانم ئەوە دڵی من
بۆ تەنیایی
جەستەی خۆمە
گریانی دێ.
جاران دەتگوت
من ئاوێنەی دەستی تۆمە
من شەرابی خواردنەوەتم
لە هەموو مەرجێکی ژیان
من گرەوی بردنەوەتم.

## شاری دڵ

کە باسی ئیشقت بۆ دەکەم
دەستەمۆ نابی و ڕادەکەی
کێ لە ئیشق هەڵاتووە
تێ ناگەم بۆچی وا دەکەی
خۆ دەزانم
تۆ لە شاری دڵی مندا
هەر چرکەیێ
کارەساتێ بەرپا دەکەی.

## مەستی ئیشق

ئەو شەوانەی
شنەی شەپۆلی قژی تۆ
پەنجەکانم دەخنکێنێ
هەڵمی ماچە گەرمەکانت
لێوەکانم دەسووتێنێ
وەك پاشایەکی سامگرتوو
لەسەر عەرشی خۆشەویستیت
مەستی ئیشق دەمهەژێنێ
تا هەتایە
یادەکانت
بەبێهوودە دەمگرێنێ.

## داخوورپان

لە دەروونما
تۆ ئاگرێکی نەکووژاوەی
لە ئەندێشەم
تۆ شەپۆلێکی نەبڕاوەی
وام دەزانی
بۆ خەمی من میهرەبانی
چونکە لەنێو دڵی مندا
تۆ مووچڕکی داخوورپانی.
من تێ ناگەم
بۆچی ئێستا
وەرزێکی وا ساردوسڕی
لە چرکەیەك ناوی منت
لە نێو دڵی خۆتا سڕی؟

## ڕەنگی هەتاو

خەم هێندە سیمای داپۆشیوم
تا بووم بە تابلۆی هەورێکی
باراناوی
شنەی غوربەت
لە نیگامدا بوو بە تاڤگە
بوو بە ڕەنگێکی هەتاوی.
تۆ لێرە نیت
ئاسمان لێڵە
هیچ شتێ وەك خۆی نەماوە
شارەکەمان لە بێ تۆیی
زەمەنی تێدا وەستاوە.

**بەرەو مەستی**

چاو لە دیدارت دەگێڕم
تۆ دیارێکی نادیاری
تۆ شەپۆلێکی لە حوزن و
هەناسەیەك لە هاواری
چاو لە دیدارت دەگێڕم
ئەی ئەفسانەی ئیشقی سەردەم
چیم بۆ دەکرێ لە بێ تۆیی
گەر پەنا بۆ مەستی نەبەم.

**تەنیایی تەمەن**

ساتێ نییە
بیرەوەریت
نەمباتەوە بەر مانگەشەوی ئاوێنە
توخوا گیانە
هێندە لە تەنیایی تەمەن
بەبێدەنگی مەمسووتێنە.
دەزانم سووتان دەفتەری
بیرەوەری ئازیزانە
شەپۆلی گەڵاوەرینی
وەرزی ماندووی پایزانە.

**وەرە**

ئەی ئەو کەسەی
پێکی ئەشقت بەتریفەی پەنجەکانت
هەڵگرتووە.
منیش پێکی ڕۆحم پێیە
وەرە ئەم پێکانە لێکدەین
هەتا مردن نەهاتووە.
خۆت دەزانی
نێوانی مردن و ژیان
تەنیا چاو تترووکانێکە
وەك وەرینی
فرمێسکی نێو گریانێکە.

## بارانی ئیشق

بارانی ئیشق ببارە
جامی بێدەنگیم بشۆوە
با چیی تر
لەم تەنیاییيەدا خامۆش نەبم
من لەمێژە
لە سووتانی خۆم خنکاوم
لەوەتەی هەم
لەگەڵ مۆمی
شەوگارەکاندا گریاوم
لەناو جامی مەترسیدا
بەجێ ماوم ..

## ئـاو

دەنگم شنەی بـایە و
گوێت پەنجەرەیەکی داخراو
گەرووم بیابـانێکی وشکە و
لێوەکانت
زایەڵەی ئـاو.
پەپوولـەی نیگام مـاندووە
بـا گوڵی ڕووت بیلاوێنێ
لەمێژە ئەفسوونی جوانیت
گیانی من دادەخورپێنێ.

## نازانم چۆن

ئاو هێندە لەگەڵ بەرد دوا
تا دەرگای دڵی کردەوە
منیش وەك ئاو
چەندەی سەرم
لەبەر پێکانی تۆ دەدەم
چەندەی گیانم
بۆ بەر ماڵی نیگات دەبەم
نازانم چۆن
پەی بە کونجی دڵت ببەم؟

**کانیاوی ئومێد**

تەمەنی من شمشاڵێکە
یادەکانی تۆ دەیژەنێ
کە تۆم هەبێ
کانیاوی ئومێدم ڕوونە
بۆیە گیانم
بە ڕووی مردن پێ دەکەنێ.

## درەختی شكاو

من لەمێژە
گەردەلوولی ئەم خەمانە
لولیان داوم
من لەمێژە
بە تەنافی قژی خاوت هەڵواسراوم
ئاخر گیانە
من لەمێژە
لەڕێی تەوری نیگاکانت
درەختێکی تێك شكاوم.

## چەتر

لە هەر لایەك دەردەکەوی
دونیا پڕ دەبێ لە عەتر
کە گەواڵەش چەخماخەی دێ
هەور دادەکاتە باران
من باوەش بەتۆ دادەکەم
تۆش قژی خۆت،
بۆ هەردووکمان بکە چەتر.
لە هەر لایەك دەردەکەوی
نازانم بڵێم چی گیانە
نە هەتاو
وەك تۆ ڕووناکە
نە ئاسمانیش
وەکو لێوت میهرەبانە.

## کوژانەوە

تۆ ڕۆیشتی و
منیش لەگەڵ یادەوەرییەکانی تۆدا
وردە وردە دەخولێمەوە
تۆ ڕۆیشتی و
منیش لەگەڵ سووتانی مۆم
بەبێدەنگی دەتوێمەوە
چاو ترووکانێکم ماوە
ئیتر.. ئیدی... دەکوژێمەوە.
تۆ ڕۆیشتی و
لە دوای تۆدا
گوناهە من بەتەنیایی و
بەبێ کەسی بمێنمەوە.

## كە تۆ نەبی

باوەشێنم کە
سروەی چاوی چۆتە خەو و
ژیانم لە بێداری دایە
باران ماویەتی پێم بگا و
پەنجەرەم ڕوون بکاتەوە
کە تۆ نەبی من بۆ هەبم
لە بێ تۆیی بەختەوەرم
مردن بێ و لە دەرگام بدا و
ژیانی من بباتەوە.

## شەرم مەکە

هانێ
پێکی ئەشقم بگرە
ئەم پێکەم بە کەس نەداوە
خوا دەیزانێ
فرمێسکی دڵ
بە یادی تۆ چەند ڕژاوە
ئێستا
وا کاتی بەیانە
گزنگ نیگای کردۆتەوە
خوا دەیزانێ
بۆ چرکەیەك
خەو منی نەبردۆتەوە.
ئەشقی تۆ
وا لە دڵی من
پرشنگی بۆ دونیا داوێ
هەموو خەڵکی
پێی زانیوە
تازە هیچ شەرمی پێ ناوێ.

## ئافاتی دووری

بەیانی بوو
شکۆفە لەسەر کوڵمی تۆ
ڕەنگی ئەشقیان گرتبوو
نیوەڕۆ بوو
هەتاو لەنێو نیگاکانت
بەبێدەنگی دەشنایەوە
لە ئێوارە
تا بەیانی
گیانی منیش
لەگەڵ مۆمی ژوورەکەمدا
دەتوایەوە.
نازانم بۆ
ئافاتی دووری تۆ گیانە
لە ژیانی من نەبڕایەوە؟

## لێ نەگەڕای

لێ نەگەڕای
ببم بە فەرهادی چاوت
پەنجەکانم شانەیەك بن
بۆ سەفەری قژی خاوت
لێ نەگەڕای
ببم بە باڵی پەپوولە و
سێبەر لە نیگای تۆ بکەم
لە ڕوانینت بتوێمەوە
لێ نەگەڕای
ببمە چەتر و
لەسەر سەرت بکرێمەوە.
بۆیە ئێستاش
هەناسەکانم هەر ساردن
چونکە بۆ خۆت
بەبێ ئومێدیت سپاردن.

## گوڵی ئاوات

با لەسەر زمانی گوڵدا
ماچی نیگات بۆ بنێرم
با لەگەڵ ئارەزووی دڵدا
بە گیانی خۆمت بسپێرم

من نازانم بۆ بێدەنگی
بۆ سەری خۆت داخستووە
کوا کێ وەك من چاوەکانی
لە ژێر پێی تۆ ڕاخستووە

هەر بێدەنگی و قسە ناکەی
شەرم زمانی بەستاوی
یا لە قسە و قسەڵۆکی
خەڵکی ئەم شارە ترساوی

بێدەنگ مەبە وا بارانیش
لە چیرۆکی ئێمە دەدوێ
دەمت بێنە با ماچی کەم
بەڵکو گوڵی ئاوات بڕوێ.

## ئەندێشە و دڵ

ئەمشەو دڵم چەند ناشادە
چونکە تۆ لێرە نەماوی
کەسێ نییە چاوم بسڕێ
پێم بڵێ بۆ چی گریاوی

کوا کێ هەیە لەم شەوەدا
لە خەمناکی دەرم بێنێ
لەگەڵ باوەشێنەی پرچی
پێڵوی چاوم بترووکێنێ

کە ڕۆیشتی نەما خۆشی
نەما پێکەنینی جاران
کە ڕۆیشتی کوژایەوە
پیاسەی لای دانی ئێواران

وا ڕۆیشتی و بەجێت هێشتم
ئاگرت بەردایە ماڵم
خۆ ناتوانی نە لە دڵم ڕزگارت بێ
نە لە ئەندێشە و خەیاڵم.

**شاری خامۆش**

بۆ دەبێ ئەشق لەم شارە
شەرم و تاوان و نەنگی بێ
بۆ دەبێ ئەشق لەم شارە
قوفڵی دەرگای بێدەنگی بێ

بۆ دەبێ ئەشق لەم شارە
نیگا و دڵ پێناسی بکا
زمان لە ترسی ئەم و ئەو
هەر نەوێرێ باسی بکا

بۆ دەبێ ئەشق لەم شارە
مەرگێ بێ بۆ ڕێبوارانی
کتێبێکی پڕ نوکتە بێ
لەنێو دەستی نەیارانی.

**پەیام**

تۆ گزنگی
بەر بەیانی هەستی منی
چڵە نێرگزی
بەرۆك و دەستی منی
من مەلی باڵ شکاوی تۆم
بۆ ڕازی تۆ دەچریکێنم
من پەیامی
سووتانی خۆم
بەگوێی خەڵکا
ئەچرپێنم.

## ترسی شیرین

چەندە یادگارێکی خۆش بوو
کە پرسیاری ناوت کردم
لەو چرکەوە هەتا ئێستا
بێ سەروشوێن دڵت بردم

چەندە ترسێکی شیرین بوو
پێت گوتم ژنت هێناوە
دڵم کەوتە ڕاچەنینێك
کە قەت وا دانەخورپاوە.

## وەرزی زیزبوون

شەقامەکان
لە دەفتەری بەتاڵ دەچن
درەختەکان
لە قەڵەمی شکاو دەچن
ئەستێرەکان
لە دەفری بەبێ ئاو دەچن

بێ تۆ هەموو شەوەکانم
وەك مۆمێکی کوژاوەیە
بێ تۆ هەموو ڕۆژەکانم
ئازارێکی نەبڕاوەیە

هەزاران جار پاڕامەوە گوتم توخوا
جێم مەهێڵە
بێ تۆ نەك هەناسەم تەنگە
سۆمای چاوانیشم لێڵە.

بڕوا بکە کەسێ نییە
وەکو من تۆی لا ئازیز بێ
ئاخر پێم بڵێ چۆن دەبێ
ئینسان لە ڕۆحی خۆی زیز بێ؟

# ستایش

ستایشی چی تۆ بکەم
کە مۆمێکی و
تا بمێنم لە دڵمدا ناکوژێیتەوە
کە عەترێکی و
لەسەرمدا نابڕێیتەوە.
ستایشی چی تۆ بکەم
قەڵەمیش زمانی لاڵە
لە پێناسەت
ئاسمان سینگی کردۆتەوە
بۆ هەناسەت
ستایشی چی تۆ بکەم
کە نێرگز خەجاڵەت بووە و
مانگیش تریفەی شکاوە
ناوی کەسێکم پێ بڵێ
ئەوەی چرکەیەك
تۆی دیبێ و
دڵی لای تۆ جێ نەماوە؟

## توانەوە

چۆن لە ئیشقی تۆ نەسووتێم
چۆن لە ئیشقت نەتوێمەوە
ئاخر چۆن نەبمە پەروانە
لەبەر ماڵتان نەخولێمەوە

کە تۆ هەتاوی ئاسمان و
بارانی وەرزی گیانم بی
کە تۆ شنەی هەناسەم و
ئاوێنەی هەموو ژیانم بی

نابێ بەرامبەر جوانی تۆ
خەم سارد و دەستەوئەژنۆ بم
دەبێ لەڕێ ی ئەشقی تۆدا
لە سووتانا لەسەر خۆ بم.

## بگەڕێوە

لەو ساتەوەی بەجێت هێشتووم
خەوی مەرگ دەمباتەوە
لەنێو زاری ئەژدیهادام
ئازار گیانم دەخواتەوە

تۆش هێندە نامیهرەبانی و
لە فرمێسکی من بێ خەمی
نایەیتەوە و لێم ناپرسی
دەرم بێنی لە ماتەمی.

## دایك

دایە تۆ زۆر گەورەتری
لەو گەورەییەی
کە خەیاڵ وێنەی دەکێشێ
دایە تۆ زۆر ڕووناکتری
لەو چرایەی
سەر بەدڵم دادەکێشێ
دایە... دایە...
سۆزێ نییە لە سۆزی تۆ گەرمتر بێ
دەستێ نییە لە دەستی تۆ نەرمتر بێ
هیچ باوەشێ
بەدی ناکەم وەك باوەشی تۆ ئارام بێ
هیچ ماچێکیشم نەکردووە
وەك ماچی دەستت بەتام بێ.

## بدویٚ

سەرت بڵندکە گیانە
با لە چاوت بڕوانم
نیگات بارانی ئەشقە
بۆ نێرگزی ژیانم

سەرت بڵند کە گیانە
لەو شەرمەت وەرە دەرێ
گەر پەنجەم پرچت تێکدا
خوایە هەمووی هەڵوەرێ

سەرت بڵندکە گیانە
با ئارەقەت لێ نەتکێ
با لەگەڵ بێدەنگی تۆ
ئاوێنەی دڵم نەشکێ

سەرت بڵند کە گیانە
ژوان نەبۆتە پرسە
بدوێ با گوێم لە تۆ بێ
بێ دوو دڵی و مەترسە.

## كە جێی هێشتم

نیوەڕۆ بوو
هەتاوم لێ کوژایەوە
تریفەی ئومێدم شکا و
ئازاریش بە خۆی نەگرتم
کەسیش دڵمی نەدایەوە
نیوەڕۆ بوو
گرمەی گەواڵەی هەواڵێك
هەردوو گوێکانی کەڕ کردم

نیوەڕۆ بوو
بەجێی هێشتم
بێ خوداحافیزی ڕۆیی و
هەر پرسیشی پی نەکردم.

ئێستاش
لە دوای چەندین ساڵە
دەگەمەوە نیوەڕۆیان
خەفەت گیانم دەهەژێنێ
من هەر فرمێسك شك دەبەم
سەبوری من بداتەوە و
لە خەمەکانم دەرم بێنێ.

## کلیلی ماچ

سەرت بخەرە سەر سینەم
تەلەسمی ئەشق بشکێنە
لێوت بنێ بە لێومەوە و
شکۆفەی ماچێك بڕوێنە
بە ئارامی
چاوت دابخە و
باڵ لێك بدە
بۆ ئاسمانی پڕ ئەندێشەی
ئەشق و جوانی
چونکە هەر لە ڕێی ماچەوە
دەرگای دونیای
نهێنییەکان
دەکرێنەوە بە ئاسانی.